حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

# پوختەیەک لە پرۆژە ستراتیجییەکانی
## کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

2024 - 2019

فەرمانگەی میدیا و زانیاری
www.gov.krd



حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

# پوختەیـەک لە پرۆژە ستراتیجییەکانی کابینەی نۆیەمـی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ژمارە 1 2024

ئەم بڵاوکراوەیە، پوختەیەك لە کار و پرۆژەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە؛ بە چەند ژمارەیەك، بە دوای یەکدا بڵاو دەکرێنەوە

# پێشەکی


| | | |
|---|---|---|
| | پێشەکی | 3 |
| 1 | ئاسایشی ئاو: بەنداو – پۆند – ئاو و ئاوەڕۆ | 5 |
| 2 | ئاسایشی خۆراك: سایلۆیەکان – کارگەکان | 11 |
| 3 | ژێرخانی ڕێگەوبان و شەقامەکان | 15 |
| 4 | خزمەتگوزاریی گشتی | 21 |
| 5 | ژێرخانی کارەبا: وێستگەکان – بەرهەمهێنانی | 29 |
| 6 | ژێرخانی دیجیتاڵیی کاروباری حکومەت | 33 |
| 7 | وەبەرهێنان | 37 |
| 8 | چاکسازی | 40 |
| 9 | ژینگە | 42 |
| 10 | ڕەخساندنی هەلی کار لە کابینەی نۆیەم | 43 |
| 11 | کۆمەڵگە و حکومەت | 44 |
| 12 | پێگەی هەرێمی کوردستان لە جیهاندا | 45 |

## پێشەکی

به دروشمی "کوردستانێکی بەهێزتر"، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە 19 وەزارەت و 12 فەرمانگە و دەستەی نەبەستراو بە وەزارەتەکان پێك دێت، دەستی بە کارکردن کرد.

سەرباری ئاستەنگ و ئاڵەنگارییە ئابووری و سیاسییەکان، پێداگریی بەردەوامی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وای کرد چاکسازی و خزمەتگوزاری، ببنە هەوێنی کارنامەی کابینەی نۆیەم و توانرا هەنگاوی گەورە و مکوڕ لەڕووی ڕێکخستنەوە و چاکسازی بگیرێنە بەر.

ئەو پلانە سەرەکییانەی کابینەی نۆیەمی پێ دەناسرێنەوە، خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی قە یرانەکان، چاکسازیی دارایی و کارگێڕی، جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییە ستراتیجییەکان، کە بەشێکیان بە هەماهەنگی کەرتی تایبەت جێبەجێکراون، دەبینێتەوە.

کارکردن لە سۆنگەی بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی و گرنگیدان بە کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و وەبەرهێنان، جێبەجێکردن و بە کردەییکردنی بەڵێنەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەکەیەتی.

## 1 ئاسایشی ئاو

لە پێناو مسۆگەرکردنی ئاسایشی ئاو، دەیان پۆند، بەنداو، پرۆژەی ئاووئاوەڕۆ درووست کراون، بە ئامانجی دابینکردنی ئاوی پاك، ڕووبەرووبوونەوەی وشکەساڵی، زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی، پشتیوانیی ئاژەڵداران، گرینگیدان بە بەهێزکردنی ژێرخانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، وەك لەم خشتانەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە :

حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## بەنداوەکان

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمە | وردەکاریی پرۆژە |
|---|---|---|---|
| 1 | بەنداوی چەمرگە | 4.4 ملیار دینار | بەنداوەکە لە سنووری پارێزگای هەولێر درووستکراوە، توانای گلدانەوەی 1.2 ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە. |
| 2 | بەنداوی خنس | 9.2 ملیار دینار | بەنداوەکە لە سنووری قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆك درووستکراوە، توانای گلدانەوەی 7 ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە. |
| 3 | بەنداوی دێوانە | 26.6 ملیار دینار | بەنداوەکە لە سنووری شارۆچکەی دەربەندیخان درووستکراوە، توانای گلدانەوەی 21 ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە. |
| 4 | بەنداوی ئاقوبان | 8.1 ملیار دینار | بەنداوەکە لە سنووری شارۆچکەی شەقڵاوە لە هەولێر درووستکراوە، توانای گلدانەوەی 2.6 ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە. |
| 5 | بەنداوی شەوگێڕ | 5.6 ملیار دینار | بەنداوەکە لە سنووری شارۆچکەی کۆیە دروست کراوە، توانای گلدانەوەی 2 ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە. |
| 6 | بەنداوی تورەجار | 5.8 ملیار دینار | بەنداوەکە لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان درووستکراوە، توانای گلدانەوەی دوو ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە. |
| 7 | بەنداوی گۆمەسپان | 95 ملیار دینار | بەنداوەکە لە سنووری پارێزگای هەولێر درووستکراوە، توانای گلدانەوەی 97 ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە. |
| 8 | بەنداوی بەستۆرە | 23 ملیار دینار | بەنداوەکە لە سنووری پارێزگای هەولێر درووستکراوە، توانای گلدانەوەی 20 ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە. |
| 9 | بەنداوی دوین | 88 ملیار دینار | بەنداوەکە لە سنوری پارێزگای هەولێر درووست دەکرێت، توانای گلدانەوەی 100 ملیۆن مەتر سێجا ئاوی دەبێت. |
| **چەند بەنداوێکی دیکە لە جێبەجێکردندان، هەروەها چەندین بەنداوی دیکەش دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە.** | | | |

## پۆندەکان

| ژ | پۆند | وردەکاریی |
|---|---|---|
| 1 | پۆندی چالەگردەلە | لە هەولێر ساڵی 2022 درووستکراوە |
| 2 | پۆندی پریسی خواروو | لە هەڵەبجە ساڵی 2023 دروستکراوە |
| 3 | پۆندی خردس | لە دهۆك ساڵی 2022 دروستکراوە |
| 4 | پیۆندی سەرقزل | لە گەرمیان ساڵی 2022 دروستکراوە |
| 5 | پۆندی قادیانا | لە هەولێر ساڵی 2023 دروستکراوە |
| 6 | پۆندی بانی ماران | لە هەولێر ساڵی 2023 دروستکراوە |
| 7 | پۆندی کاریتان | لە هەولێر ساڵی 2021 دروستکراوە |
| 8 | پۆندی سولێ | لە شەقڵاوە ساڵی 2023 دروستکراوە |
| **هەروەها 43 پۆندی دیکە لە بواری جێبەجێکردنن و بەشێکی دیکەشیان دروستدەکرێن.** | | |



حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## ئاو و ئاوەڕۆ

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمە | وردەکاریی پرۆژە |
|---|---|---|---|
| 1 | پرۆژەی فریاگوزاریی ئاوی هەولێر | 480 ملیۆن دۆلار | پرۆژەکە لە ڕۆژێکدا 480 هەزار مەترسێجا ئاو دەپاڵێوێت، بۆ هەر کاتژمێرێك 20 هەزار مەترسێجا ئاوی خاوێن بۆ گەڕەکەکانی شاری هەولێر دەنێرێت. لە بواری جێبەجێکردندایە. |
| 2 | پرۆژەی ئاوی گۆپتەپە- چەمچەماڵ | 78 ملیۆن دۆلار | ڕۆژانە دەتوانێت 60 هەزار مەترسێجا ئاو بۆ هاووڵاتییان دابین بکات. لە ماوەی 720 ڕۆژدا تەواو دەکرێت. لە بواری جێبەجێکردندایە. |
| 3 | پرۆژەی ئاوی قوشتەپە | 190 ملیار دینار | لە چوارچێوەی بەهێزکردنی ئاسایشی ئاو و خزمەتکردنی هاوڵاتیان و نەهێشتنی گرفتی کەمئاوی بە پێی ستاندارتە جیهانییەکان لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی جێبەجێکردندایە. |
| 4 | پرۆژەی ئاوی پیرمام و دەوروبەری | 35 ملیار دینار | |
| 5 | پرۆژەی ئاوی فایدە/ دهۆك | 50 ملیار دینار | |
| 6 | پرۆژەی گەیاندن و دانانی تۆڕی ئاو بۆ 51 گوندی دەڤەری بارزان | 30.1 ملیار دینار | لە چوارچێوەی بەهێزکردنی ئاسایشی ئاو و خزمەتکردنی هاوڵاتیان و نەهێشتنی گرفتی کەمئاوی بە پێی ستاندارتە جیهانییەکان لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی جێبەجێکردندایە. |
| 7 | پرۆژەی دابینکردنی ئاوی ئاکرێ | 41.1 ملیار دینار | |
| 8 | پرۆژەی ئاوی ڕانیە - چوارقوڕنە - حاجیاوا | 36.7 ملیار دینار | |
| 9 | پرۆژەی ئاوی دەربەندیخان | 19.7 ملیۆن دۆلار | پرۆژەکە لە جێبەجێکردندایە. ئاوی پاك بۆ 12 هەزار هاوبەش لە دەربەندیخان دابین دەکات. |

حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## 2 ئاسایشی خۆراك و پیشەسازی

لە پێناو بەهێزکردنی ژێرخانی خۆراك و پیشەسازی، پشتیوانیکردنی بەرهەمی ناوخۆیی، کابینەی نۆیەم دەیان پرۆژەی جێبەجێ کردووە. وەك لە بڕگەکانی (سایلۆکان – کۆمپانیاکان – کارگەکان – خانووی پلاستیکی و کۆگای ساردکەرەوە) لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## سایلۆکان

| پارێزگا | شوێن | گوژمە | توانای عەمبارکردن |
|---|---|---|---|
| هەولێر | قوشتەپە | 21 ملیار دینار | 40,000 تۆن |
| سلێمانی | کەلار | 20 ملیار دینار | 40,000 تۆن |
| دهۆك | بەردەڕەش – ڕۆڤیا | 18 ملیار دینار | 40,000 تۆن |
| هەڵەبجە | هەڵەبجە<br>به ڕێژەی 25% تەواو بووە. | 26 ملیار دینار | 40,000 تۆن |
| | گشتی | 85 ملیار دینار | 160,000 تۆن |

## کارەگە و کۆمپانیاکان

**لە ماوەی کابینەی نۆیەم، 977 کارگە مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە. ژمارەی کارگە مۆڵەتپێدراوەکانیش لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 4547 کارگە**

| کۆمپانیا بازرگانییەکان | | |
|---|---|---|
| ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان | | |
| 1 | کۆمپانیای خۆماڵی | 7,227 |
| 2 | لقی کۆمپانیا بیانییەکان | 216 |
| 3 | لقی کۆمپانیاکانی بەغدا | 358 |
| | کۆی گشتی | 7,801 |

## خانوی پلاستیکی و کۆگای ساردکەرەوە

لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا، 30 هەزار خانووی پلاستیکی درووستکراون و 3813 جوتیار سوودمەند بوون، جگە لە 6 کارگە بۆ بەرهەمەکانی پەتاتە، 11 کارگەی جۆراوجۆر بۆ بەروبوومە کشتووکاڵییەکان بەکار خرانەوە.

لە ماوەی کاری کابینەی نۆیەم، 101 کۆگای ساردکەرەوە درووستکراون.

وەبەرهێنانی کشتوکاڵی لە 1.8% بۆ 8% زیادی کردووە. هەرێمی کوردستان بەرهەمەکانی برنج، سماق، تەحین، هەنار، هەنگوین، سێو پەتاتەی هەناردەی وڵاتی ئیمارات و بازاڕەکانی کەنداو و ئەوروپا کرد.



حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## 3 ژێرخانی ڕێگەوبان و شەقام

بە مەبەستی بەهێزترکردنی ژێرخانی ڕێگەوبان، پشتیوانیکردنی کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری، ئاسانکاری بۆ هاوڵاتییان و کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، بەستنەوەی شار و شارۆچکە و گوندەکان بە یەکتر، کابینەی نۆیەم چەندین پرۆژەی ستراتیجیی ( ڕێگەوبانی دەرەوەی شارەکان – ڕێگەوبانی ناوەوەی شارەکان)ی جێبەجێ کردووە. لە خشتەکانی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.

## ڕێگەوبانی دەرەوەی شارەکان

| ڕێگەوبانی دەرەوەی شارەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمە | وردەکاریی پرۆژە |
| 1 | ڕێگەی هەولێر – دهۆك | 399 ملیار دینار | درێژییەکەی 86 کیلۆمەترە |
| 2 | ڕێگەی سپیلك – خەلیفان | 64 ملیار دینار | درێژییەکەی 8.5 کیلۆمەترە |
| 3 | تونێلی پیرمام | 189 ملیار دینار | درێژییەکەی 2.5 کیلۆمەترە |
| 4 | پردی دەربەندی ڕانیە | 12 ملیار دینار | درێژییەکەی 400 مەترە |
| 5 | پردی زێی گەورە | 43 ملیار دینار | درێژییەکەی 900 مەترە |
| 6 | ڕێگەی کەلار – کفری | 43 ملیار دینار | درێژییەکەی 25 کیلۆمەترە |
| 7 | ڕێگەی باعەدرێ - ئیتیت | 135 ملیار دینار | درێژییەکەی 26 کیلۆمەترە |
| ئەو پرۆژانەی لە جێبەجێکردندان | | | |
| 8 | ڕێگەی کەلار – دەربەندیخان | 137 ملیار دینار | درێژییەکەی 41 کیلۆمەترە. 70% ی کارەکانی تەواوبووە. |
| 9 | ڕێگە و پردی هەڵەبجە - تووەقوت – قلیجە | 31 ملیار دینار | درێژییەکەی 27 کیلۆمەترە |
| 10 | بەرزە پردی سۆران (دەروازەی سۆران) | 44 ملیار دینار | |
| بە شێوەیەکی گشتی لە کابینەی 9 بە تێچووی 930 ملیار دینار ( 585 ) پرۆژەی ڕێگەوبان کە 75یان پرۆژەی ستراتیجیین دروستکراون و کەوتوونەتە خزمەت هاووڵاتییان. بە تێکڕای ئەو پرۆژانە 1363 کیلۆمەتر ڕێگەی نوێ دروستکراوە. | | | |

## شەقام ( ڕێگەی ناوەوەی شارەکان)

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمە #مليار دينار |
|---|---|---|
| 1 | درووستکردنی شەقامی (150)م بازنەیی خیرا له ڕێگای سەرەکی(هەولیر - كۆیە) | 582.1 |
| 2 | درووستکردنی شەقامی (120)م بازنەیی خیرا له هەولێر | 127 |
| 3 | درووستکردنی شەقامی (150)م بازنەیی خیرا له ڕێگای سەرەکی (بحركە - دهۆك) | 197.7 |
| 4 | پرۆژەی درووستکردنی بەستنەوەی ڕێگای دهۆک بە شەقامی ( 120 ) م (ڕێگای گەزنە) | 9 |
| 5 | قۆناغا ئێکی یا دروستکرنا ئۆڤەرپاس و ئەندرپاسێ بناڤێ 1 + یوتێرنا مالتا + 6000 م ڕێکا خزمەتگوزاری بۆ ڕێکا بارزان | 13.4 |
| 6 | قۆناغا دووێ یا دروستکرنا ئۆڤەرپاس و ئەندرپاسێ بناڤێ 1 + یوتێرنا مالتا + 6000 م ڕێکا خزمەتگوزاری بو ڕێکا بارزان | 20.3 |
| 7 | چێکرنا ئەندر پاسا مزگەفتا ئیمام حمزە و تەلەفزیۆنا دهۆک لسەر جاددا بارزان، چێکرنا ئەندەر پاسا نێزیک فەرماندەیا دهۆک لسەر جاددا بارزان، چێکرنا ئەندەر پاسا نێزیک قوتابخانا سەفین لسەر جاددا بارزان و تمامکرنا جاددا کەمەری ب درێژاهیا 1505م له کەرتێ 85 نزارکێ و ڤەکرن و ڤێرکرننا جاددا خزمەتگوزاریی یا جاددا بارزان - لایی باکوور ب درێژاهیا 3500م | 68.1 |
| 8 | شەقامی 100 مەتری له شاری سلێمانی | 428.5 |
| 9 | یەکتربڕی ئارام له سلێمانی | 10.3 |
| 10 | یەکتربڕی فاروق له سلێمانی | 7.3 |
| 11 | یەکتربڕی والی له سلێمانی | 6 |
| 12 | یەکتربڕی باخی بەختیاری له سلێمانی | 12.9 |
| 13 | یەکتربری حەپسەخانی نەقیب | 5.6 |

بە شێوەیەکی گشتیی لە کابینەی نۆیەم (1967 ) پرۆژەی درووستکردن و نۆژەنکردنەوەی شەقامەکان بە گوژمەی تریلیۆنێك و 863 مليار دينار خراونەتە بواری جێبەجێکردن، کە بەشێکیان پرۆژەی ستراتیجیین.





## ئەندازەی هاتوچۆ

لەم کابینەیەدا ماوەی دوو ساڵە کارەکانی ئەندازەی هاتوچۆ لە بری ئەوەی بدرێتە کۆمپانیا بیانییەکان لە لایەن تیمەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێدەکرێت، لەم ماوەیەدا 500 کیلۆمەتر ڕێگە و شەقام هێڵکارییان بۆ کراوە هەروەها 15 هەزار هێمای هاتوچۆی جۆراوجۆر دانراون، نزیکەی 40 کیلۆمەتر پەرژینی ئاسنی بۆ ڕێگە و شەقامەکان دانراوە .

حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## 4 خزمەتگوزاریی گشتی

کابینەی نۆیەم بەردەوامە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی سەرەکی بۆ هاووڵاتییان کە لە دروستکردنی قوتابخانە و زانکۆ، خزمەتگوزاریی تەندروستی، گواستنەوە، دابینکردنی ئاو و کارەبا، کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك، گەشتوگوزار و شوێنەوار لەخۆ دەگرێت، وەك لە خشتەکانی خوارەوە ڕوون کراونەتەوە.

## زانکۆ و قوتابخانە

| ژ | ناوی پرۆژە | وردەکاریی پرۆژە |
|---|---|---|
| 1 | درووستکردنی 152 قوتابخانە | لە ماوەی کابینەی نۆیەم چەندین پرۆژەی درووستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و زیادکردنی پۆلەکان لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون. |
| 2 | نۆژەنکردنەوەی 1670 قوتابخانە | |
| 3 | زیادکردنی 629 ژووری خوێندن | |
| 4 | درووستکردنی دوو زانکۆ | دوو زانکۆی نویێ کراونەتەوە<br>1/زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان لە کەلار<br>2/زانکۆی ئاکرێ بۆ زانستە کردارییەکان لە ئاکرێ<br>هەروەها دەیان بەشی زانستیی نوێ لە زانکۆ و پەیمانگەکان کراونەتەوە. |
| ئەو پرۆژانەی لە بواری جێبەجێکردندان و لە ئایندەیەکی نزیک تەواو دەکرێن | | |
| 1 | 42 قوتابخانە | لە قۆناغی کۆتاییدایە و لە تشرینی یەکەمی ساڵی 2024 دەکرێتەوە بە ڕووی قوتابی و مامۆستایاندا. |
| 2 | 15 قوتابخانە و باخچە | بەردی بناغەیان دانراوە و لە بواری جێبەجیکردنن. |
| 3 | 28 قوتابخانە | لە بواری جێبەجێکردندایە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران. |

## لێخۆشبوون و کەمکردنەوەی کرێی خوێندن

### لێخۆشبوونی کرێی خوێندن

کرێی ساڵانەی خوێندن بۆ هەموو ئەو قوتابییانەی لە خوێندنی پاراڵێل و ئێواران دەخوێنن 45% کەم کراوەتەوە. لێخۆشبوونی 100% بۆ کرێی خوێندنی ماستەر بۆ سێ یەکەمەکانی زانکۆکان کە دانەمەزراون .

### کەمکردنەوەی کرێی خوێندن

کرێی خوێندن بە ڕێژەی تا 20% لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان کەمکراوەتە، هەروەها قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان کە لە چاکسازییەکان سزادراون، بە ڕێژەی 100% لە کرێی خوێندن بەخشراون.

## خزمەتگوزاریی ئاو و کارەبا

### دابینکردنی کارەبا

لە کابینەی نۆ 436 هەزار و 981 هاوبەشی نوێی کارەبا زیادبووە و تیکڕای ژمارەی هاوبەشانی کارەبا گەیشتووەتە یەك ملیۆن و 885 هەزار و 270 هاوبەش.

### دابینکردنی ئاوی خواردنەوە

ژمارەی هاوبەشانی ئاو پێش کابینەی نۆیەم، 791,650 هاوبەش بووە، لە ئێستادا بۆ 1,076,507 هاوبەش زیادی کردووە واتا 284,857 هاوبەشی نوێ لەماوەی کابینەی نۆیەم لە هەرێمی کوردستان زیاد بووە و تێچووەکەی ساڵانە 500 ملیار دینارە. هەروەها ساڵانە ملیارێک و 31 ملیۆن و 747 هەزار و 55 مەتر سێجا ئاوی پاک بۆ هاوڵاتیان دابین دەکرێت.



حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## خزمەتگوزاری تەندروستی

30 نەخۆشخانەی نوێ دروستکراون و ژمارەیەکیان لە قۆناغی جێبەجێکردندان لەوانە

- نەخۆشخانەی ئامێدی لە دهۆك
- نەخۆشخانەی نەخۆشییەگوازراوەکان لە سلێمانی
- نەخۆشخانەی گشتیی سیدەکان لە هەولێر
- نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە ڕانیە
- نەخۆشخانەی جەمال حاجی عەلی لە سلێمانی
- نەخۆشخانەی منداڵان لە زاخۆ
- نەخۆشخانەی دەروونی لە هەولێر

هەروەها کردنەوە و دامەزراندنی 21 سەنتەری پسپۆڕی لە هەرێمی کوردستان

- سەنتەری ئاوات بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە بە تیشك لە هەولێر
- سەنتەری نەشتەرگەری دڵی کراوەی منداڵان لە سلێمانی
- سەنتەری دەستنیشانکردنی شێرپەنجەی مەمك لە ڕانیە
- سەنتەری تالاسیما لە ئاکرێ
- سەنتەری شووشتنی گورچیلە لە کۆیە
- سەنتەری شەکرە لە هەولێر

## بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی

لە ماوەی 4 ساڵدا 3,477 توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە ناوخۆییەکان و 5,102 توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە نێودەوڵەتییەکان و 3,957 توێژینەوە لە سکۆپەس بڵاو کراونەتەوە.

- حکومەتی هەرێم پشکنین و چارەسەرکردنی بێبەرامبەری بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە دابین کردووە، لەرێگەی 3 نەخۆشخانە و 5 سەنتەرەوە. هەروەها بەردی بناغەی دوو نەخۆشخانەی شێرپەنجە دانراوەبۆ خزمەتکردنی تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە و پێدانی چارەسەری و دابینکردنی دەرمان.
- سندووقی شیاندن بۆ خزمەتکردنی خاوەن پێداویستییانی تایبەت لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە کار؛ ئامانجیش پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بێبەرامبەر و پێویستە، بۆ کەمئەندام وخاوەن پێداویستییانی تایبەت.
- یەکخستن و ڕێکخستنی پرسی پەیوەست بە دابەشکردنی دەرمان و فرۆشتنی لە بازاڕەکاندا، لەسەر بنەمای کوالێتیی دەرمان و بەکارهێنانی ستیکەر بۆ دڵنیابوونەوە و پشتڕاستکردنەوە.
- لە ماوەی چوار ساڵدا، ئەنجامدانی زیاتر لە 50 ملیۆن پشکنینی تاقیگەیی و 6 ملیۆن پشکنینی وێنەیی.

### پلان و بەرنامەی داهاتوو، گرنگترینیان

- بیمەی تەندرووستی
- دامەزراندنی کۆگای نیشتمانیی دەرمان و پێداویستیی پزیشکی
- دامەزراندنی کۆمپانیای نیشتمانی بۆ دەرمان و پێداویستیی پزیشکی
- پەرەپێدانی چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی



حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## گەشتوگوزار و شوێنەوار

### گەشتوگوزار

لە کابینەی نۆیەم، بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان (118) پرۆژەی گەشتیاری بە گوژمەی (48,742,327,115) دینار بڕیاریان لێ دراوە. سەرمایەی وەبەرهێنان لەبواری گەشتیاری لەپلەی یەکەم دێت بەرێژەی 44%. پرۆژەی گەشتیاری کۆرنیشی زاخۆ، بە گوژمەی نزیکەی 24 ملیار دینار جێبەجێدەکرێت. قۆناغی یەکەمی تەواوبووەو قۆناغی دووەمی پرۆژەکە لەجێبەجێکردندایە.

### شوێنەوار

لە کابینەی نۆیەم، بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، (13) پرۆژەی شوێنەوار، بە گوژمەی (653,643,900) دینار بڕیاریان لێ دراوە. ئەمە جگە لەوەی دەیان پرۆژەی کنە و پشکنین، لە لایەن زانکۆ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە جێبەجێ کراون.

## خزمەتگوزاریی گواستنەوە

### پرۆژەی سیتی پاس

پرۆژەیەکی گشتگیرە بۆ ڕێکخستنەوەی گواستنەوەی هاووڵاتیان لە ڕێگەی پاسی تایبەت لە ناو سەنتەری شارەکان. پرۆژەکە قۆناغی دیزاینکردنی تێپەڕاندووە.

### پرۆژەی تاکسی میتەر

قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە، لەزگە و لۆگۆ بۆ تەواوی تەکسییەکانی کوردستان تەواوبووە. لە ئێستادا قۆناغی دووەمی پرۆژەکە دەستپێکردووە.

## کۆکردنەوەی زبڵ و خشاک

ساڵانە 2 ملیۆن و 500 هەزار تۆن زبڵ و خاشاك لە هەرێمی کوردستان کۆدەکرێتەوە و چارەسەر دەکرێت، تێچووی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنیشی تریلیۆنێک و 214 ملیار و 311 ملیۆن دینار.

## 5 ژێرخانی کارەبا

لە کابینەی نۆیەمدا، بەرهەمهێنانی کارەبا (1340 مێگاواتی) زیادی کردووە و گەیشتووەتە 3817 مێگاوات؛ ژێرخانی بەرهەمهێنانی کارەباش گەیشتووەتە 7689 مێگاوات.

## ژێرخانی کارەبا

لە خوارەوە ئەم وێستگانەن لە کابینەی نۆیەم دروستکراون خراونەتەڕوو

| ژ | ناوی پرۆژە | وردەکاریی پرۆژە |
|---|---|---|
| 1 | وێستگەی هەڵمیی خەبات | 300 مێگاوات |
| 2 | وێستگەی گەرمیان | 165 مێگاوات |
| 3 | وێستگەی دێرەلووك | 38 مێگاوات |
| 4 | وێستگەی بازیان | 750 مێگاواتە لەو بڕەیە 250 مێگاواتیشی لە وزەی پاك بەرهەم دەهێنرێت |
| 5 | بە گەڕخستنەوەی سێ وێستگەی هەولێر، سلێمانی و دهۆک. | بەرهەمهێنانی 87 مێگاوات کارەبا |
| | کۆی گشتی | 1340 مێگاوات |



حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

- لە کابینەی نۆیەمدا بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ئێستادا 20 مێگاوات کارەبا لە ڕێگەی کەرتی گشتی و تایبەتەوە بە وزەی خۆر لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت. لە پلاندایە 75 مێگاوات کارەبا بە وزەی خۆر، لە سێ پرۆژەی دیکە بەرهەمبهێنرێت.

- بڕیارە 500 مێگاوات کارەبا لە وزەی پاك لە وێستگەی بازیان و 500 مێگاوات کارەبا لە وێستگەی خورمەڵە لە ڕێگەی سیستەمی (کۆمبایند سایکل – بەکارهێنانەوەی پاشماوەی وزەی بەکارهاتوو بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا) بەرهەمبهێندرێت، لە ئێستادا بەرهەمهێنانی 250 مێگاوات کارەبا بە وزەی پاك لە وێستگەی خورمەڵە خراوەتە بواری ئەزموونی.

- لەم کابینەیە 61 پرۆژە لە کەرتی گواستنەوەی کارەبا بە گوژمەی 372,84 ملیۆن دۆلار جێبەجێکراوە .

- لە کەرتی دابەشکردنی کارەبا 3,119 پرۆژە بە گوژمەی 206 ملیار دینار جێبەجێکراون.

- بەستانی پێوەری زیرەک بۆ هاوبەشانی کارەبارۆڵی زۆری لە گەڕانەوەی کارەبای بەفیڕۆچوو و کەمکردنەوەی سەرپێچی و کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی سیستەمی کارەبا گێڕاوە ، تاکو ئێستا 1,345,089پێوەر بۆ هاوبەشانی کارەبا بەستراون. ئەم پێوەرە ڕۆڵی هەبووە لەزیادکردنی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا و کوژاندنەوەی 300 مۆلیدە و جێبەجێکردنی پرۆژەی پێدانی کارەبای 24 کاتژمێری بۆ هاووڵاتییان بە جۆرێك تا ئێستا کارەبای 24 کاتژمێری بۆ زیاتر لە 65 هەزار هاوبەشی کارەبا دابینکراوە .

- پاڵپشتیکردنی کرێی کارەبای ماڵان 26.41 دینار 76% ئەمە لە کاتێکدایە کرێی هەر کیلۆواتێك کارەبا لەسەر حکومەت 110 دینارە.





## 6 ژێرخانی دیجیتاڵی

شانبەشانی پێشکەوتنەکانی جیهان لە وەرچەرخانی دیجیتاڵی، کابینەی نۆیەم، بۆ بەئەلیکترۆنیکردنی کاروبارەکانی حکومەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین و بە دیجیتاڵکردنی کەرتی بانکی، چەندین هەنگاوی جێبەجێ کردووە. لە خشتەی خوارەوە بەشێك لەسیستەمە ئەلیکترۆنییەکان ڕوون کراوەتەوە .

حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## بەئەلیکترۆنیکردنی کاروباری حکومەت

| ژ | ناوی پرۆژە | وردەکاریی پرۆژە |
|---|---|---|
| 1 | "هەژماری من" | پرۆژەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ بەدەستهێنانی گشتگیریی دارایی لە ڕێگەی بەدیجیتاڵکردنی مووچەی فەرمانبەرانەوە؛ تا ئێستا 500 هەزار بەشداربووی هەیە. |
| 2 | پۆستی ئەلیکترۆنی | تەواوی نووسراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەکانەوە بە ئەلیکترۆنی دەگاتە وەزارەت و پشت بە پۆستەی دەستی نابەسترێت، ئەمە لەسەر ئاستی پەروەردەی قەزاکان و قوتابخانەکانیش هەمانە شتە. |
| 3 | سیستەمە دیجیتاڵیەکانی وەزارەتی پەروەردە | قوتابخانەی ئەلیکترۆنی E–WANE<br>ئی – هەڵسەنگاندن<br>ئی – کتێبخانە<br>ئی – پەروەردە<br>ئی – خێزان<br>ئی – ڕاهێنان<br>ئی – باڵەخانە<br>هەورەفێرگە<br>ئی – بەدواداچوون<br>کۆی ئەم سیستەمانە ئاسانکاریی پەیوەندیی نێوان خێزانی قوتابییە، لەگەڵ مامۆستا و قوتابخانە و وەزارەتی پەروەردە. |
| 4 | سیستەمی سکاڵای هاووڵاتییان | سەکۆیەک بۆ گەیاندنی دەنگی هاووڵاتییان و سکاڵا و سەرنجەکانیان. |

## بەئەلیکترۆنیکردنی کاروباری حکومەت

| ژ | ناوی پرۆژە | وردەکاریی پرۆژە |
|---|---|---|
| 5 | سیستەمی تۆمارکردنی دامەزراوە بازرگانییەکان | پۆرتاڵێک بۆ تۆمارکردنی دامەزراوە بازرگانییەکان، ناوی بازرگانی و پیشەکان. |
| 6 | پۆرتاڵی ڤیزای ئەلیکترۆنی | سیستەمی داواکردنی ڤیزای ئەلیکترۆنی بۆ کوردستان. |
| 7 | کۆی سیستەمە کارگێرییەکان کە کاروباری هاووڵاتییان بەئەلیکترۆنی بەرێدەکات | - بەڕێوەبردنی زانیاریی دەستەبەر<br>- تۆماری نیشتمانیی ڕاگیراوان<br>- نوێکردنەوەی زانیاری<br>- بەڕێوەبردنی هاتن و چوون لە سنوورەکان<br>- پشتڕاستکردنەوەی ناوەندی<br>- زانیاریی بایۆمەتری<br>- فۆڕمی دیجیتاڵی<br>- ناسینەوەی شۆفێری تاکسی<br>- بەڕێوەبردنی خشتەی مووچە<br>- بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان<br>- بەڕێوەبردنی نووسراوەکان<br>- یەکە ژمێریارییەکان |



حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## 7 وەبەرهێنان

بە هۆی پشتیوانی و ئاسانکارییەکانی کابینەی نۆیەم, بە گوژمەی زیاتر لە 16 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتە جیاوازەکان کراوە. لە خشتەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## وەبەرهێنان

| سێکتەر | ژمارەی پرۆژە | سەرمایە بە دۆلار |
|---|---|---|
| گەشتیاری | 56 | 7,472,094,780 |
| نیشتەجێبوون | 41 | 3,966,359,967 |
| پیشەسازی | 116 | 2,902,814,473 |
| بازرگانی | 101 | 939,693,929 |
| کشتوکاڵی | 17 | 505,853,983 |
| فێرکردن | 40 | 343,411,994 |
| تەندروستی | 27 | 309,585,658 |
| وەرزشی | 9 | 72,746,269 |
| هونەری | 2 | 68,484,000 |
| بانکەکان | 2 | 19,415,000 |
| خزمەتگوزاری | 3 | 16,004,526 |
| کۆی گشتی | 414 | 16,616,464,579 |

### سەرنج

لە کابینەی نۆ 403 پرۆژەی وەبەرهێنان لە لایەن کۆمپانیا خۆماڵییەکان بە سەرمایەی 11.63 ملیار دۆلار جیبەجێدەکرێن. هەروەها 8 پرۆژە لە لایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە بە سەرمایەی 4.96 ملیار دۆلار جێبەجێدەکرێت. جگە لەمانە 3 پرۆژەی دیکە بە شێوە ی هاوبەش لە نێوان کۆمپانیای خۆماڵی و بیانییەکان بە سەرمایەی 37.3 ملیۆن دۆلار جێبەجێدەکرێت.

## 8 چاکسازی

دەرئەنجامی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، بەپێی بەش و ماددەکانی یاساکە، بەم شێوەیەی خوارەوە بووە.

1 ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوانی سیاسی. دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ وارسی شەهیدانی شەڕی داعش، بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان و دابینکردنی خزمەتگوزاریی خوێندن بۆ کوڕ و کچی شەهیدانی پێشمەرگە، ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر، لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان.

2 نەهێشتنی سوودمەندبوون لە جارێک زیاتر، لە بوودجەی گشتی، بڕینی مووچەی 4,189 کەس کە لە مووچەیەك زیاتریان وەردەگرت و لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان مامەڵەیان لەگەڵ کرا.

3 لە بواری پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ، لە پرۆسەی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە، ژمارەی لیوا هاوبەشەکان بووەتە (22) لیوا و میلاکی وەزارەت بووەتە (68,598) پێشمەرگە؛ لەگەڵ دامەزراندنی دوو فیرقەی سەربازی، هەروەها یەکخستنەوەی پاسەوانی لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆ و ڕێکخستنەوەی هەردوو هێزی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان.

4 لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوە و هەژمارکردنی خزمەتی شارستانی و سەربازی، پێداچوونەوە بە دۆسییەی (357,815) فەرمانبەری شارستانی کرا، هەروەها یەکخستنەوەی دۆسییەی کەسیی گشت ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگە لە لیوا هاوبەشەکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و هەردوو یەکەی 70 و 80 ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.



حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

5 لە بواری خانەنشینی، پێداچوونەوە بە دۆسییەی (1,140) پلە باڵا و تایبەت کراوە. وەگواستنەوەی دۆسییەی (2,619) خانەنشینی لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی خانەنشینیی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانە نشینیی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

6 خانەنشینکردنی فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر، کە پێکهاتەی ئیداری لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و سەرووتر بەڕێوە نابەن و سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانی پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە دەگرێتەوە، کە ژمارەیان (153) کەس بوون.

7 لە کابینەی نۆیەم، هەنگاوەکانی دامەزراوەکانی بانکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە و مۆڵەتی سەرەتایی لە بانکی ناوەندیی عێراق وەرگرتووە بە سەرمایەی (250) ملیار دینار؛ بە دەستپێکردنی تۆمارکردنی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی "هەژماری من" کە تایبەتە بە کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ مووچەخۆڕان؛ تا ئێستا 500 هەزار مووچەخۆر هەژماری بانکییان بۆ کراوەتەوە.

8 لە پرۆسەی گەڕاندنەوەی قەرزە بازرگانییەکان کە بە کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەت دراوە، بڕی (138,627,489,349) دینار گەڕاوەتەوە (بە نەخت و بە موڵک)، لە کۆی گشتیی قەرزە بازرگانییەکان کە بریتییە لە (408,470,119,927) دینار؛ جگە لە سوودی بانکی کە دەکاتە (662,881,414,490) دینار، هەروەها گەڕانەوەی (1,933,504,694,936) دینار لە قەرزی بانکە پسپۆڕییەکان لە ئەسڵی (4,058,953,686,350) دینار.

## 9 ژینگە

- لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا، 7 ملیۆن مەتردووجا خاکی کوردستان لە مین پاك کراوەتەوە و زیاتر لە 13 هەزار مین و 58 هەزار پارچە تەقەمەنی پوچەڵ کراونەتەوە.
- شەش ملیۆن ئاگربڕ بۆ پاراستنی دارستانەکان دانراون.
- کابینەی نۆیەمی حکومەت، ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر دانانی سێ وێستگەی جێگیر و وێستگەیەکی گەڕۆک، بۆ هەڵسەنگاندنی کوالیتیی هەوا، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی و ورد، ئاستی پاکییەتیی هەوا لە هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت.
- ڕێژەی سەوزایی لە هەریمی کوردستان، پێش کابینەی نۆ 15% بوو، ئێستا ڕێژەیی سەوزایی زیاتر لە 18%ـیە. بە پێی ڕێنماییە ژینگەییەکان، 25%ی ناوچەکانی پرۆژە پیشەسازییەکان، بۆ ڕووبەری سەوزایی تەرخان کراون.
- لە چوارچێوەی ژینگەپارێزیدا چەندین پرۆژەی ریسایکلین جێبەجێکراون لەوانە بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان، کارگەی ریسایکلینی قیر لە هەولێر دامەزرا، کە توانای بەرهەمهێنانی ڕۆژانە 2 هەزار تۆن لە قیری کۆنی شەقامەکان هەیە و خزمەتێکی گەورە بە ڕێگاوبان و ژینگەی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.





## 10 ڕەخساندنی هەلی کار لە کابینەی نۆ

- لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەم، تەنیا لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە، زیاتر لە 130 هەزار هەلی کار ڕەخسێنراوە، کە زیاتر لە 80%ـیان گەنجانی هەرێمی کوردستانن.
- ساڵی 2024، بە بڕیاری مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرێبەست بۆ 38 هەزار مامۆستای وانەبێژی کەرتی پەروەردە کرا.
- (4,925) دەرچووی یەکەمی زانکۆ و پەیمانگەکان، لە ساڵی خوێندنی 2017-2016 تا 2022-2021، بڕیاری دامەزراندنیان بۆ دەرچووە.
- لە کابینەی نۆیەم 15 هەزار هەلی کار لە ڕێگەی کارگە پیشەسازییەکانەوە ڕەخسێندراوە.
- (1,407) سوودمەندبوونی نزیکەی (9,718) کەس لە ڕاهێنانی پیشەیی، هەروەها کەس لە چاکسازییەکان سوودمەندی وۆرکشۆپەکان بوون و (403) کەس لە گرتوخانەی چاکسازییەکان سوودمەندی خوێندن بوون.
- لە ماوەی کابینەی نۆیەم، زیاتر لە 87 هەزار و 991 کرێکاری ناوخۆیی و بیانی دەستبەر کراون، هەروەها 22 هەزار و 874 پرۆژە دەستبەریان بۆ کراوە.
- (9,500) گەنج لە ئەنجامی دەستپێکردنەوەی قەرزی بچووك بۆ لاوان سوودمەندبوون.

## 11 کۆمەڵگە و حکومەت

### ماف و ئازادییەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ 2021 – 2025 ی پەسەندکردووە، و چەندین راسپاردە لەم چوارچێوەیە جێبەجێکراون .

### پێکەوەژیان

لە هەرێمی کوردستان، هەشت پێکهاتەی ئایین و ئایینزای فەرمی هەن و لە ماوەی ئەم کابینەیەدا 457 پەرستگە دروستکراون.

### میدیا

لەسەر چەسپاندن و بەهێزترکردنی بنەمای دیموکراسی و ئازادییەکان، ئازادیی میدیایی و ڕۆژنامەگەری بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسان بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان ڕەخسێنراوە، لە هەرێمی کوردستان، 126 کەناڵی ناوخۆیی، 31 کەناڵی ئاسمانی، 176 رادیۆ، 121 ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی و 988 ڕۆژنامە و گۆڤار بە ئازادانە کاردەکەن.

### ڕێکخراوە نا حکومییەکان

لە کوردستان (5,001) ڕێکخراوی ناوخۆیی و بیانی تۆمار کراون و زەمینەی کاریان لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ ڕەخسێنراوە.

### ئاوارە و پەنابەر

فەراهەمکردنی هاوکاریی مرۆیی بە تێچووی 842 ملیۆن دۆلار ساڵانە بۆ زیاتر لە یەك ملیۆن ئاوارە و پەنابەر کە لە 31 کەمپ لە هەرێمی کوردستان دەژین .

### شۆڕکردنەوەی دەسەڵات ( لامەرکەزیەت)

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاری دا لە چوارچێوەی لامەرکەزیەت، دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکان، بۆ پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان شۆڕ بکرێتەوە؛ هەر لەم چوارچێوەیەدا هەریەك لەئیدارەی سەربەخۆی سۆران و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و دەیان بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری دامەزراند. ئەمەش لەپێناو ئاسانکاریی زیاتر بۆ هاووڵاتییان.



حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## 12 پێگەی هەرێمی کوردستان لە جیهاندا

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو ناساندی هەرێمی کوردستان بە جیهانی دەرەوە، کاری کردووە بۆ دامەزراندنی نوێنەرایەتیی دیبلۆماسیی نوێ و بەشداری کارای کردووە لە کۆنفراسە نێودەوڵەتییەکان بۆ گەیاندنی خواستی ئاشتییانە و بەکارخستنی پێگەی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە ڕەوتی چارەسەر لە پرسەکانی کۆچی لاوان و بەهێزکردنی پەیوەندیی زانستی و یەکسانی و پرسی ژینگە و چەندین پرسی دیکە.
- هەرێمی کوردستان 14 نوێنەرایەتی لە دەرەوە هەیە، هەروەها زیاتر لە 40 نوێنەرایەتیی و نووسینگەی بازرگانی و ئاژانسی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان هەن.

" له خزمه‌ت ناوه‌ستین، کوردستان
هه‌ر ئاوه‌دان بێت "

مه‌سرور بارزانی